**بەیاننامەی پارتی سەربەستیی کوردستان، لە سەر ئاکامی ڕاپۆرتەکەی "گرووپی لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ئێراق"**

هاوڵاتیانی وڵات داگیرکراوی کوردستان!
ئەویندارانی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کوردستان!

وا ماوەی 15 ساڵە کە پارچەیەک لە کوردستانی مەزن لە ژێر چنگی داگیرکەران ڕزگار بووە؛ هەرچەند کە بەشێک لە شارە گرنگەکانی کوردستان نەکەوتوونەتە بەر ئەو بەشە ڕزگار کراوەیە، بەڵام ئەو نیمچە سەربەخۆییەی ئەو پارچەیە لە وڵاتەکەمان، ترووسکاییەکی هیوا و ئومێد بووە و هەیە بۆ هەموو گەلی کوردستان. بە درێژایی ئەو ماوەیە، وێرای دەیان کۆسپ و تەگەرە و پلانی وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەری کوردستان، توانراوە پەرلەمانی کوردستان، و هەڵبژاردنی ئازاد، و چەندین دەسکەوتی دیمۆکراتیک و نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستاندا بەدەست بهێنرێت. سەرکەوتنەکانی باشووری کوردستانمان هەمیشە هەڵگری پەیام و مزگێنیی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی لەو بەشەدا بووە. هەربۆیە لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە هەوڵەکانمان لە پێناو پاراستنی ئەم ئەزموونەدا خستووەتە گەڕ.

هەر لەسەرەتای ڕزگار کرانی خاکی کوردستان لە ساڵی 1991، و هەروەها لە پاش پرۆسەی ئازادیی ئێراق و نەمانی حکومەتی شۆفینیستی بەعس لەو وڵاتەدا لە ساڵی 2003، گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە تایبەت، و کوردستانی گەورەیش بە گشتی، هەردەم چاوەڕێی گەڕانەوەی شاری کەرکوک و باقی شارە دابڕاوەکانی تر بوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان. بەڵام، هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن، لەم چەند حەفتەی پێشودا، ڕاپۆرتی "گرووپی لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ئێراق" کە لەلایەن ئەمریکاوە پێکهێنرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی گشتیی ئێراق، و دوارۆژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە ناسراوە بە ڕاپۆرتی بەیکەر– هاملتۆن، ترس و نیگەرانییەکی زۆری خستە نێو دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستانەوە.

لەو ڕاپۆرتەدا وێرای لەبەرچاونەگرتنی کەمترین داوای دێمۆکراتیک و مرۆڤدۆستانەی کورد، ئاماژە بە دواخستنی مادەی 140 کراوە، کە کلیلی چارەسەری کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تری ئەم بەشەی وڵاتەکەمانە و دەستووری ئێراق پشتگیریی لێکردووە.. لەلایەکی دیکەوە، ڕاپۆرتی ناوبراو هەوڵیداوە کە وێرای بەهێزکردنی دەسەڵات بەغدا، لە توانا و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە؛ و هیچ بەهایەک بۆ ئەو هەموو خوێن و فرمێسک و ڕۆژڕەشییەی کورد دانەنێت کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقەوە تووشی بووە...

هەر بۆیە لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە، دەنگی ناڕەزایی لە نێو سەرکردە و ڕۆشنبیران و چاودێران و گشت کۆڕ و کۆمەڵی کوردستان بەرزکرایەوە. ئەوە بوو، سەرەتا لەلایەن سەرۆکی کوردستان بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، و پاشان سەرۆکی کۆماری ئێراق بەڕێز مام جەلال تاڵەبانییەوە بە دژی ئەو ڕاپۆرتە هەڵوێست گیرا و ڕەتکرایەوە... بێگومان ناڕەزایی دەربڕینی خەڵکی کوردستان و سەرکردەکانی، دەتوانێ کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەتکردنەوە یان کەمبایەخ کردنی ئەو راپۆرتە دا هەبێت؛

**و به دونیا و ئەمریکایش ڕابگەیەنێت کە ئەو ڕاپۆرتە نەک هەر تیماری برینەکان ناکات، بەڵکوو زامەکان قووڵتر دەکاتەوە و کەلێنی نێوان پێکهاتەکانی گەلی ئێراق فراوانتر دەکات.**

**پارتی سەربەستیی کوردستان، بە ئەرکی نەتەوەیی و ئەخلاقیی خۆی دەزانێت کە شانبەشانی خوشکان و برایانی باشووری وڵاتەکەمان، زۆر بە توندی دژی ڕاپۆرتەکەی بەیکەر– هاملتۆن هەڵویست وەربگرێ؛ و دەنگی ناڕەزایی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی سەرۆکی کوردستان و گەلە وریا و چاوکراوەکەی. هەر لێرەوە، داوا لە خەڵکی وڵاتداگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، کە لە کەمپینەکانی ناڕەزایی بە دژی ئەو ڕاپۆرتە لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان بەشداری بکەن؛ و بە واژۆی ناڕەزایی ئەو کەمپینانە دەوڵەمەندە بکەن؛ و ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان بە جێ بگەیەنن.**

**پارتی سەربەستیی کوردستان.**
22 ی **سەرماوەزی** 2706 **ی کوردی .**